




# شعر و ئازادی

هۆشەنگ شێخ محەمەد

2006/4/21

شعر وەك بابەتێك كە هەمیشە لە ژیانی كوردانادا ئامادەبووە و خۆی نمایش كردووە، بەردەوامیش هەوڵی داوە خۆی خۆسەر و ئازاد بكات.

دیارە شعر لە هەبوونی خۆیدا یاخییە و چ جاران ناچێتە بن ناسنامەیەك و ناوێكی نەگۆڕدا، شعر بەردەوام لەگەڵ قۆناغە جۆراوجۆرەكانی ژیاندا خۆی ئەباتە پێش و ئەگۆڕێت و ناسنامەی نوێ وەرئەگرێت.

ڕەنگە ئەو تێگەیشتنە بۆ كایەكانی دیكەش ڕاست بن، كە مرۆڤ بەردەوام خوێندنەوەی نوێ و جودا بۆ بابەتەكانی ژیان ئەكات، بەڵام ئەوەی شعر ئەگەر جیاوازییەكی هەبێت ئەوە ئەوەیە كە گۆڕانەكانی گەلێ جار لە ژێر دەسەڵاتی شاعیرەكانیش دا نیە واتە خالقی شیعر خۆی، بەڵكو ئازادی و سەربەخۆیی شیعر زۆر جار سنووری دەسەڵاتی شاعیر و ماناكانی ئەبەزێنێت؟!

## وێنەكانی ئازادی:

1. دەربازبوون لەكێشەكانی عەروزی عەرەبی:

دیارە شعری كلاسیكی كوردی زۆربەیان لەسەر كێشەكانی عەرەووزی ئەرەبی نووسراون ئەو كێشانە شاعیریان ناچار ئەكرد كە بە پێی كێەكان وشە ڕیز بكەن، هەر دەرچوونێك لەو كێشانە دەرچوون بوو لە دەستووری شعدا، واتە سەرتا شعر دیلی ئەو كێشانە بوو و نەیئەتوانی لێی دەرباز بێت، خەرمانێكی گەورە لە شعری كوردی هەیە كە لەسەر ئەم كێشانە هاتوونەتە بەرهەم، ڕەنگە تا ئەمرۆكەش ئەم شعرانە تامی خوێندنەوەیان مابێت و ڕەنگیشە زۆر شاعیریش تا ئێستاش حەز بكەن لەسەر ئەوكێشانە بنووسن، دیارە ئەم كێشانە پەیوەندییان بە باری ژیان و گوزەران و دەروونی ئەو قۆناغە هەبوو كە كلاسیكەكان ژیان تێدا ئەبووراند، بەڵام ئەمرۆ دونیا تەواو جیاوازە

لەو سەدەم و ڕەنگە چ پەیوەندییەکی وەها نەمابێت شعری کوردی بەکێشەکانی عەرەزووە ببەستێتەوە.شعر توانیویەتی خۆی لەو کۆت و پێوەندانی عەرووز رزگار بکات.

2. دەربازبوون لە زمانە بیانییەکان:

دیسان هەر لە سەردەمی کلاسیکەکان پێویست بوو شاعیر بە چەندین زمان شعر بنووسێت، تا ببێتە خودان دیوان، وەك کوردی و تورکی و فارسی و ئەرەبی، دیارە شعری کوردی توانیویەتی دوای ماوەیەکی درێژ خۆی لە زمانە بیانییەکان قورتال کات و کوردیبوونیخۆی بسەلمێنێت و شعری کوردیش ببێتە جێی شانازی شاعیر و مرۆڤی کورد.

( کەس نەڵێ بە ئەلفازم خۆ کردیە خۆ کوردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا ) نالی.

3. دوای بزاڤە نوێخوازییەکانی سەرتای سەدەی بیستەم لە سەر دەستی عەبدولرەحیم هەکاری و شێخ نوری شێخ سالح و قەدری جان و گۆران بەتایبەتی، کێشە میللییەکان و پەنچەیی بەکارهاتن، شعر توانی خۆی لە گەڵێ کۆت و پێوەند دەرباز بکات و هی ببێتە کێشە کوردییەکان، بەلأم دیارە ئەویش بەس نەبوو بۆ ئەوەی شعر بەتەواوی ئازاد بێت.

4. لە سالأنی هەفتاکان و هەشتاکاندا بزافی نوێخوازتر شیان ئەو کێش و ریتمانە تێکدەن و زمانێکی ئازادتر و نوێتر بکەنە شعردا، زمانێك کە بتوانێت شعر لە هەموو وەزن و قافیە و کێشێك رزگار بکات.

5. لە نیوەی هەشتاکان و دوای راپەرینی 1991 شعر لەلایەنی زمانییەوە پتر ئازاد بوو، باسی فۆرمی گران و ئەلسۆنیات و دال و مەدلوول و رەمزی هونەری و تێکشکاندنی زمان و سەرخۆبوونی زمان و تەمومژاوی زمانی شعری و پێشەوەچوونی تەکنیکەکانی زمان کرا، ئەمانە ئازادییەکی زیاتریان بە شعر دا، بەرەنگێك کە شعر خۆی بووە کردنەوەیەك بە سەر زماندا. زمان بووە هەڵگری رەهەندی جۆراوجۆر و خوێندنەوەی هەمەڕەنگ.

6. لە قۆناغی ئەمڕۆدا دیارە شعر هێشتا تەواو ئازاد نەبووە بۆ یە هەوڵ ئەدات کە خۆی لە فرەرەهەندی و فرە تەئویلی بەرەو بێ کۆتایی مانایان بچێت، کە هەر تێکستێك ئێمە نەتوانین مانای دیاریکراوی بۆ ببینینەوە.

7. لێ لووتکەی یاخیبوونی شعر لە خوێنەران نیە، بەڵکو شعر لە خۆیەتی، کە پێویستە شعرێك بنووسرێت شاعیر خۆیشی نەتوانێت ماناکانی کۆنترۆل بکات، واتە دەق بێ سنوور ئازاد بێت لەو مانایانەی پێش ئێستا هەبوون، وەك مانای دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و جڤاکی و هتد..، هەروەسا لە مانای رەهەندە نوییێەکانیش ئازاد بێت وەك مانای هزری و فەلسەفی.

## ئازادی و ئەمڕۆ، ناسنامە:

شعر ئەگەر گەڕانی تاکێکی ئازاد بێت کە شاعیرە، ئەوە پێویستە شعر خۆ لەو تاکە ئازادەش ئازادکات و نەچێتە بن ڕەهەندەکانییەوە، لە هەموو قۆناغەکانی ئازادی شعردا شاعیرانی داهێنەر هەبوونە، کە سەرەتا شاعیرانی ئازادیخوازبوونە و شعریان ئازاد کردووە، بەڵام دوای ئەوە ئەوانیش بوونەتەوە خواوەند و سنووری شعر و پێشکەوتنی شعرییان دیاریکردووە و نەیانهێشتووە ئەزموونی پێشکەوتووتر و نوێتر سەرهەڵبدەن، ئەگەر دژایەتی ئەم نوێبوونەوەیان نەکردبێت ئەوە ڕێگری بوونە، بەڵام شعر شیایە هەمیشە شاعیری نوێخوازتر و نوێخوازتر پەیدا بکات و شعر خۆیشی ئازاد و ئازادتر بکات.

هەتا ئێستا ئێمە ئەبینین ئەو ململانەیە بەردەوامە و نوێخوازەکانی دوێنێ ڕێگرن لەبەردەم ئەمڕۆ و هی ئەمڕۆ لەبەردەم بەیانی.

لە هەمووی گرنگتر شعر کایەیەکی هێندە بزۆزە چ جاران و ئەزموونی داهێنەراکانیش نەیانتوانیوە بەرزەفتی بکەن، بەردەوام وەك هەسپێکی یاخی و بە هێز هەوڵ ئەدات خۆی لە هەموو کۆت پێوەندەکان دەربازکەت و هیچ جارێکیش کەهی نابێت و هەر شەمووس ئەبێت.

بزۆزی شعر ناسنامەی ئەوەی داوەتێ کە ئەو هەمیشە لە سواری چەلەنگتر و خوێنێکی گەرمتر بگەڕێت؟!!

* * * * * * *

## شعر

ڕەنگە یەکێك لە ئەرکە سەختەکانی ئەدەب و شعر ئەوەبێت، کە پیچویستە بەردەوام داهێنەر ئەزموونی داهێنەرانی پێش خۆی تێپەڕێنێت.

شعری کوردی زەمانێکی بە شعرەکانی بابەتاهیری عوریانەوە تێپەڕاند، هەتا شاعیرانی خوێن گەرمتر هاتن و ئەزموونی ئەویان دەرباز کردوو داهێنانێکی نوێتریان کردە بەرهەم، مەلای جزیری و فەقێی تەیران و هەریری و خانی و نالی و سالم و کوردی و کلاسیکەکانی دی، تا دەمەکی درێژ بە داهێنانەکانی خۆیان نەیانهێشتووە شاعیرانی لەوان بە تواناتر و داهێنەر تر پەیدا ببن.

گۆران لە قۆناغێکدا ئەبێتە داهێنەر و ئەبێتە ڕێگر لەبەردەم نەوەیەکی تەواو بۆماوەی چەندین ساڵان کە ناهێڵێت ئەزموونەکانی ئەو تێپەڕێنن.

شێرکۆ بێکەس و پەشێو و لەتیف هەڵمەت، دوای گۆران دێن و ئەوانیش بەرهەمی جوان دائەهێنن و بۆماوەی بیست ساڵێك ئەبنە ڕێبەری شعری کوردی و ناهێڵن ئەزموونەکانی دی وەك هی ئەوان جوان بن.

بەختیار عەلی دێت و سەرکێشی لە شێرکۆ بێکەس وەرئەگرێت و دەنگی دیکە و ئەزموونی دیکە بۆ ماوەیەك لەدوای خۆی بەجێدێڵێت، ئەویش ڕێگرێکی دیکە کە شاعیرانی تر نەشێن وەك ئەو تێکستی جوان بنووسن.

زۆری پێناچێت تێکستەکانی کەریم دەشتی و عەباس عەبدوللا و فەرهاد پیربال و هاشم سەراج و هیوا قادر و ڕێبورا سیوەیلی و موحسین قۆچان و عارف حیتۆ و هزرڤان و بلند محەمەد و چەندین ناوی دیکە ئەبنە ڕێگر لەبەردەم پەیابوونی ناوی نویٚ کە بەرهەمەکانییان لە ئاستی بەرهەمی ئەوانەدا بێت.

ڕۆژان ئەڕۆن و قۆناغ دەرباز ئەبن، تەمەنی داهێنانەکانیش کورتتر ئەبن، ئەو ناوانەی جاران سەد ساڵ و پەنجا ساڵ و بیست ساڵ و دەساڵ خۆیان ئەگرت و لەمەیدانی شعردا وەك سەرکێش ئەهاتنە ناسین، ئەوڕۆ ئەو سەرکێشییە زۆر ناخایانێت ڕەنگە شاعیر بە تێکستێکی جوان ببێتە سەرکێش و بە تێکستێکی دیکەی جوانتر سەرکێشییەکەی نەفی ببێتەوە.

ئەمڕۆ شاعیرە سەرکێشەکان ناتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم پەیدابوون و لەدایکبوونی ناوی نویٚ و ئەزموونی‌نویٚ، بە ڕەنگێك کە ئەو ناو و ئەزموونانە ئەتوانن بە ئاسانی بە تێکستە داهێنەرەکانیان ئەزموونەکانی بەری خۆیان و هاوچەرخەکانیان نەفی بکەنەوە و ڕەوانەی خانەی دوێنێیان بکەن، بۆیە ئەمڕۆ زەحمەتترە کە ئێمە بتوانین ناوێك یان چەند ناوێك وەك سەرکێش بۆ شعری کوردی دەست نیشان بکەین؟!